www.kurdistannet.org
30-10-2005 0:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کورد لەگەمەی ئەمریکا بۆ گۆڕانکاری خۆرهەلاتی ناوین ... شەیدا بلباس

ئۆردوگان: " تورکیا بەبێ چارەسەری کێشەی کورد، مەحالەلەیەکێتی ئەوروپا وەرگیرێت."
نەژادی تاوی بۆ دێت: " ئیسرائیل لەنەخشەی جیهان دەسڕمەوە."
سوریا: " ڕازیبوونی خۆی بۆ هەموو داخوابیەکی ڕۆژئاوا دەردەخات."



فەرمووی میوانی سەرۆکی هەرێم بۆ وولاتەیەکگرتووەکان؛ ئایا لەسەر داوای کورد یا ئەمریکا بووە؟! هەرچەندەسەرۆک بوش لەبەر چاوی کامیرای میدیا، بەناوی کوردستانیەوەپێشەوازیی لەسەرۆکی هەرێم نەکرد. بەڵام سەرۆکی هەرێم بە لە خۆبوردویی مەرامی کوردی بۆ سەردانەکەی ڕاگەیاند. جا ئەگەر سەردانەکەلەسەر داوای ئەمریکا بێت، دیارەداخوازیشی بەدواوەیە؛ ئەگەر خواستی کوردیش بێ، بێ داوا نییە!

سەردانەکەدوای سەردانی سەرۆک کۆما ر بەشێوەی فەرمی و سیمای "دەنگ و ڕەنگ" ی کورد، هەنگا وێکی بەجێیەبۆ قۆناغێکی نوێ، بەکرانەوەی ڕووەشاراوەکانی، سەرنج وگومان لەناوچەکەو دڵنیایی کورد. هەڵسەنگاندن ولێکدانەوەلەسەر پەردەی ئەم سیناریۆ تازەیە، خوێندنەوەی چاوی میدیایەبۆ پەی بردنی هۆشی سیاسی کورد؛ ئەگینا مەبەستی لێدوانی پشت پەردەی گۆڕانکارییەکان، بەخێرایی لەئارادان و لێکدانەوەیان کارێکی ئەوەندەئاسان نییە. گفتوگۆ نێوان هەردوو سەرۆکی ئەمریکی و کورد، پەیوەندی ڕووکەشی تەوری باس؛ لەدوایشدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ وەزیری دەرەوەو وەزیری بەرگری و حاکم و بالوێزی پێشووی ئەمریکی لەئێراق؛ لەخۆڕابەساکاری ناخێتەناو هەگبەی کۆن، ئەگەر ئەمجارەحیساب بۆ کێشی قەبارەی کورد و قورسایی نەکرابێت. وەخوێندنەوەی ئەم لاپەرەتازەیەلەمێژوو ی ڕەخنەی سیاسی کورد، بەهەند هەڵگرە!

ساڵی5..2 لەسەرەتای تا کۆتایی، بەساڵێکی پڕ لەگۆڕان وبەرەوپێشەوەچوون و سەرکەوتن بۆ هەدوو سەرکردەی کوردستانی باشوور، لەکاری پراکتیکی و ڕامیاری دەخوتندرێتەوە. لەهەڵبژادن و وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی و نووسینی دەستووری هەمیشەیی و دەنگدانی، تا سەردانی هەروو سەرۆک[ تاڵەبانی و بارزانی] بۆ کۆشکی سپی و پشتگیریان. بەواتایێکی تر بەرژەوەندی ئەمریکا بەبێ بوونی سیاسی کورد، لەمەترسیدا دەمێنێتەوە؛ هاوکێشەی لاسەنگی فەلەستین و ئیسرائیل گرێبدرێت بەپرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ئێراق؛ کەجارێکی تر دڵەخورپەی عەرەبی لەگۆڕانی نەخشەی نیشتیمانی بەناو عەرەب، دەکات.

سوریا لەقەیرانی جیهانی لەبەرامبەر دوو ڕێیانی دۆڕاو، پەلەقاژێیەتی.

ڕێی یەکەم لەچەند خاڵی داوای ئەمریکا خۆی دەنوێنێت:

1- بڕینی هەموو جۆرەپاڵپشتیەک لەفەلەستینیەکان.

2- چەککردنی [ حزب اللە]و وەدەستدانی تاوانی پلانی کوشتنی"حەریری" بۆ دادگا.

3- ئاشتی بێبەرامبەر لەگەڵ ئیسرائیلی دراوسێ و کردنەوەی باڵوێزخانەبەڕاگەیاندنی فەرمی.

4- هاوکاری سیخوڕی لەبەرژەوەندی و گەڕانەوەی کۆنەبەعسی ڕاکردوو لەگەڵ سەرمایەی ئێراق.

5- گۆڕانی بنەرەتی لەسیاسەتی ناوەکی و دەرکی لەتاکڕەوێتی بۆ بانگی کۆی سەرجەم نەیار لەپرۆسەی حوکمڕانیدا.

ڕێی دووەمیش نەمانی دێوەجامەی سوریا دەخاتەبەردەم ناسیونالی شۆفێنیتی عەرەب. جا سوریا کەباڵی ڕاستی ئێرانەو بەهۆی درێژبوونەوەی بۆ [ حزب الله]ی لوبنان بەهەڕەشەی لەڕۆژئاوا، لەکاتی پێوستدا.. هەر بۆیەسەرۆکی ئێران چاک دەزانێت کەسەردەمی ڕادیکالی کۆتایی پێهات و بەبنبەست گەیشت. تەنها لەرێی هەڵگرتنی بەردی گەورەبەفش و فۆڕی فەلەستین و شان و باڵی [ حزب الله]ی لوبنان بۆ ڕاکێشانی ڕێپێوان، لەشەقامی عەرەبی، بۆ پاڵپشتی خۆی گیڤ بکاتەوە. ئەمەلەکاتێکدا کەئەگەر چەکی ناوکی[ ئەتۆم]ی بەدەست نەهێنابێت! ئەگینا ئەمجارەلەشەڕی ئەتۆمی ئێران- ئەمریکا یەکەم کوردستان ئەسڕێتەوە؛ تا بەهەڕەشەی بۆ سەر ئیسرائیل. ئەمریکاش وەک جاران، لەهەر شەڕێکی زیان لێکەوتوو دۆڕاو نییە.. چۆن شەڕگەلەناو خاکی خۆیدا نییە.

تورکیاش بەپێی تێکەڵاویان لەگەڵ ڕۆژئاوا و نزیکیان لەئەوروپا، زووتر لەگۆڕانکارییەسەردەمییەکان دەگەن ودەزانن خێسەو چاوسوورکرنەوەباوی نەما و هیچ لەبابەتی سەرەکی ناگۆڕێت. ئیتر کار لەکار ترازاوە؛ وەکو جاران نایکەنەقاوو بیدەنەوەلەدهۆڵی دڕاو. یەکێتی ئەوروپاش هەرجارەوبیانوێکی نوێ بۆ کۆسپی دەگرتنی؛ بەڵام ئێستا دەزانن کەبزمارەکەلەکوێ داگرن بۆ هەناسەبڕی تورکیا.

لەئێراقیشدا هەرسێ قۆڵەسەرەکیەکەبەتاقیکردنەوەی نوێ بۆ دووبارەهەڵبژاردن، دێنەوەناو گۆڕەپانی گەمەی تازەی سیاسەت و نیشاندانی بیر و بازو. شیعەبەهەموو باڵی مەزهەبی و ڕاکێشانی فەیلیش، سوونەبەناوی سوونی و نەتەوەیی و چەپی ڕوخاویش، کەچی کوردی داماو سەرەڕای هاوپەیمانێتی کۆنی باڵی ئیسلامی و تورکمان و ڕقی ناسیونالتیشی پێ مەیسەرناکرێت بۆ دەنگدانی لەوقەیرانەئابوورییەی بەر چاو لەهەرێم.. کەئەگەر چارەسەرێکی خێرای بارودۆخەکەنەکرێت. ئەوا دەبێ بڵێین"هەموو ساڵ خۆزگەم بەپار." ئەمساڵ سەدەی زێرینیان بێت.

ئۆتاوا-کەنەدا/5..2/.1/29